عێراق پێشوازی لە هەوڵەکانی نوێندگیری عومان لە نێوان ئەمریکا وحوسییەکان دەکات



وەزارەتی دەرەوەی عێراق، پێشوازی لە هەوڵەکانی نوێندگیری سوڵتانی عومان لە نێوان ئەمریکا و بزوتنەوەی ئینسار ا لە یەمەن (حوسییەکان) کرد و جەختی لە گرنگی کۆمکردنەوەی گرژییەکانی یەمەن کردەوە.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندوە، کە "پێشوازی لەو هەوڵە دیپلۆماسییە بەرزانە دەکات کە سوڵتانییەتی عومان لە نێوندگیری لە نێوان ئەمریکا و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە سەنعا پێشکەشی کردوە، کە لە چوارچێوەی پشتیوانیکردن لە وتوێژی بنیاتنەر و چارەسەری ئاشتیانە بە قەیرانەکانی ناوچەکە دەت".

وەزارەتەکە جەختی کردەوە لەو "پێویستی بەرزکردنەوەی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا، نزیککردنەوەی دیدگاکان و دروستکردنی پردی متمانە لێنوان لایەنە جیاوازەکاندا، بەوەش بەشداربەت لە گەیشتن بە لێکتگەیشتنی یەکتر، لەسەر بنەمای باوەڕی پتەوی بە گرنگی گفتوگۆ وەک ئامرازێکی کاریگەر بە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان".

وەزارەتەکە پەداگری لەسەر "گرنگی پاپشتیکردنی هەوڵەکان بۆ ئامانجی کەمکردنەوەی دڕخی یەمەن و بەشداریکردن لە گفتوگۆیەکی ئاشتیوایی تەکەمڵی نیشتمانی کە کۆتایی بێ ئازارە مرۆییانەی گەلی برای یەمەن دەهێنێت" کردووە.

وەزارەتەکە هەروەها دووپاتی کردووە کە "عێراق پاپشتی لە پرسەی ئاشتیانە بۆ ئامانجی کۆتاییهێنان بە ململانێکانی یەمەن کردوە، بە پشتبەستن بە هەوڵەستی پتەوی لە پاپشتی لە چارەسەرە سیاسییەکان و وتوێژ"، جەختی لە "گرنگی چەکردنەوەی هەوڵە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایش و سەقامگیری و بەخشینی ناوچەکە لە گرژییە زیاترەکان" کردوەتەوە.